


# ملوانكەكان رازاوەترت دەكەن





دەبێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی جوانترین ستایلەوە بۆ شێوازەكانی ئێكسسوارەكان، بتوانین جوانییەكی ڕەها لە جەستەی خانماندا دەستەبەر بكەین، ئەمەش وادەكات كە هەر خانمێك دووچاری دوودڵی بێتەوە كاتێك ئێكسسوارەكان یان دەستە جلەكان هەڵدەبژێرێ، یەكێك لەو ئێكسسوارانە ملوانكەی ملە، دەكرێ لە دیمەنێكی شایستەدا رازاوەیی و ناسكی خۆی دەربخات، مۆدە تازەكانی ملوانكەكان بریتییە لە ملوانكەی درێژ و ورد، لەلایەنی ڕەنگیشەوە، دەكرێ لە ڕەنگە كراوەكان بن، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە دەربكەون، هەوڵبدەن زیاتر ئەو ملوانكانە هەڵبژێرن كە شێوەی شتێك لە خۆ دەگرن، وەك شێوەی دڵ، یان مۆدەیەكی نوێ لە شێوە جوانەكان بۆ ئەوەی لە دوورەوە جوانییەكی ڕەها و تایبەت ببەخشێ. بۆیە دەكرێ ملوانكەكان ببنە شایستەترین مۆدەكانی ئێكسسوارەكان بۆ ملی خانمان.

## جوانی جلی ناوماڵ















جوانی جلەكانی ماڵ، لە هەر وەرزێكدا جیاوازی دەبێ بۆ وەزری داهاتوو، ئەمەش بە گوێرەی گەرما و سەرمای وەرزەكان دەگۆڕێ، بۆیە هەر ماوەیەك دەبێ جۆرە جلێك هەڵبژێرن بۆ ئەوەی خانمان لە ماڵەوەش بە پاكترین و جوانترین جلوبەرگ دەربكەون، یەكێك لە نهێنییەكانی جلوبەرگی ماڵ، بریتییە لە پاكی و سەرەنجڕاكێشی، ئەمەش وادەكات وەك شازادەیەك لە ماڵەوەدا دەربكەون، تەنانەت دەبێتە مۆدەیەكی رازاوە و ناسك.

یەكێك لە جوانترین جلەكان بۆ ماڵەوە بریتییە لە بۆدی بۆ سەرەوە و بێجاما یان تراكسۆت بۆ خوارەوە، كە ئەو دەستە جلە دەبێتە یەكێك لە جوانترین و سەرنجڕاكێشترین جل بۆ خانمان لە ماڵەوەدا.



# هەمەڕەنگی وماکیاژی چاوی خانمان

ماکیاژی چاوەکان بە چەندین ڕێگە و شێواز ئەنجام دەدرێن، ئەمەش وادەکات ببێتە شێوەیەکی ناسك و ڕازاوە، چونکە هەریەکە پێویستی بە جۆرە ماکیاژێکە، یەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکان بۆ ماکیاژی چاوەکان، بریتییە لە دانان و دابەشکردنی ڕەنگەکان، بۆیە لە هەر شێوەیەك، دەبێ دیمەنێکی شیاو و گونجاو دەربکەوێ.



سەبارەت بە ڕێگەکانی دانانی ڕەنگەکان، سەرەتا پێویستیت بە دانانی ڕەنگێکی سەرەتاییە، بۆ ئەوەی تەنیا بزانین ڕەنگەکان گونجاون لەگەڵ یەکتر، ئەگەر تەواو بێ، ئەوە ڕەنگە تاقیکراوەکە دەبێ لابردرێ بە شێوەیەکی گونجاو، دواتر ماکیاژی تەواوی بۆ بکرێ، ئەمەش دەبێتە ڕێگەیەکی گونجاو لەجوانی ماکیاژی چاوەکان.

## گوارە خنجیلەکان

هەرچەندە شێوازی جوانی و ڕازاوەیی لە جەستەی خانماندا دەردەکەوێ، لە ڕێگەی ئێکسسوارە و جلوبەرگەکاندا، بۆیە دەکرێ سوودێکی گەورە وەربگرین لە جوانی و ناسکی ئێکسسوارەکان، یەکێك لەو ئێسسوارە سەرەکییانە بریتییە لە گوارەی گوێچکە، هەرچەندە شێوەیەکی بچووکی هەیە، کەچی دیمەنێکی گەورە و شایستە دروست دەکات. بە تایبەت کاتێ ڕەنگ و شێوەی گوارەکان لەم شێوازە دەبێ کە بە ناسکی و ڕەنگێکی جوانەوە دەردەکەوێ، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی جوانی ئەو گوارانەوە ببێتە ڕێگەیەك بۆ جوانی مۆدەکان، لە مۆدە تازەکانی گوارەکان بریتییە لە گوارەی شێوە بچووك و ناسکەکاندا، کە بۆ خانمێك دەبێ تا لە گوێچکەی بکەن.



## ئاڵا و نەخشی کوردستان لە ملی خانمانی کوردا

ئێکسسوارەکان زیاتر خانمان ڕازاوەتر دەکەن، بە جۆرێك لە ڕێگەی ئێکسسوارەکان دەتوانن هێمای نیشتمان و ئاڵای وڵاتەکەیان نیشان بدەن، ماوەکە دانانی ئاڵای کوردستان لە شێوەی نەخشەی کوردستان لەسەر سینگی کچان و خانمانی کورد دەرکەوتووە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ئێکسسوارەکان، بە جۆرێك شێوازێکی تایبەت و ڕازاوە لەخۆ دەگرێ، هەروەها پێناسەیەك دەبێ بۆ کوردستان و جوانییەکی ڕازاوەشی هەیە لە ملی خانمانی کورد.



بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560

# (قیق - قیق)!

دیاردەیەکـــی جوان هەیە لەو کاتـــەی قوتابیە تازەکانی پەیمانگا و کۆلێژەکان دێن بۆ ئەو شـــوێنەی کە بوونەتە قوتابی ئەو شـــوێنە، بەڕاستی ماوەیەکی خۆشـــە، بەڵام لێرەدا دەبێتە دوو لایەن، هەندێ کەس بە دیاردەیەکی قێزەوەن و دواکەوتووی دادەنێن، هەندێکی دیکەش بە دیمەنێکی جوانی دادەنێن، باوەڕ بکەن دوای تەخەرووج تەنیا ئەو ماوەیە دەبێتە یادگارییەکی خۆش لەلاتان کە (قیق)ـەکانت دێتەوە بیر، لە جوانمان بۆ هاتووە)، ئەو قسەیە تازەکان بە قیق یان قاز ئەوەیە، سەرەتا دەســـت دەکەن بە قیقە بیرمە لە کۆلێژ وەرگیرام، کچێك بە منی وت (قیق و قازی تا ئێســـتاش لەبیرم ناچێ، هۆی ناوزەنکردنی قوتابیە ئەگەر قاز لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بگوازییەوە، قیق، وەك ناڕەزاییەك لە گواستنەوەیان.



# بە بەردێک دوو چۆلەکەی کوشت



پیاوی دوو ژن، جەرگی کون کون، دوای ئەوەی لە وڵاتی خۆمان یاسای دووژنە یان زیاتر پەسەند کرا، کە چەندین مـــەرج و تایبەتمەندی دەوێ، کەچـــی وادیارە دیاردەکە کەمبۆتـــەوە، بەڵام چەندین حاڵەتی ســـەیریش لە وڵاتی خۆمان هێشـــتا ماوە، یەکێك دەناســـم (٤) ژنی هەیە و دەڵێ: لە داهاتـــوودا دەیکەم بە (٦) کە ئاواتی دڵمە. لە وڵاتی پاکستانیش دیارە ئەو پیاوە دەیەوێ بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژێ، وەکـــو دەبینن لە وێنەکەدا لە رۆژێك و ئاهەنگێکدا دوو ژن بەیەکەوە دەهێنێت و دەبێتە پیاوی دوو ژنە لە یەك رۆژدا، ئەو پیاوە ناوی (ئەزهەری حەیدەری) یە و کچە مام و خاڵی خۆی خواستون لەیەك ئاهەنگدا.


# کۆتر بە ئۆتۆمبێل!

کۆتـــر باڵندەیەکـــی جوانکیلەی دیمـــەن ڕەنگینەو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەخێو دەکرێت و کەسانێکی زۆر هۆگری بەخێوکردنی ئەو باڵندەیەن و ئەو باڵندەیەش ســـەدان جۆری هەیەو لە ئێستا دا بە چەندن شێوە و نرخ هەیە، ئەوەی جێگەی وتنە ئەوەیە وەك هەموو شتەکانیتر کۆترە دەگمەنەکان نرخیان بەرزە، ئەوەتا کۆتر لە شـــاری هەولێر تا (١٠٠٠٠) دۆلار واتە دەفتەرێك ڕۆیشـــتووە و کەســـێکی شـــارەزاش لە بەخێوکردنی کۆتر دەڵێت: کۆتر هەبووە بە ئۆتۆمبێل گۆڕدراوەتەوە.

**ئا: رەوەند بەختیار**









# جووڵە سەیرەکانی (زلاَتا)!

خاوەن بەهرە و جەستە سەیرەکان زیاتر سەرسامان دەکەن، بە تایبەت کاتێك نمایشێکی سەیر و تایبەت ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا نمایشەکان بە گوێرەی جووڵە سەیرەکان دەبێ، بەم دواییە خانمێکی وڵاتی رووسیا جیهانی هەژاندووە لەوەی ئەو کار و جووڵە سەیرانە دەکات، تەنانەت دەبێتە حاڵەتێك کە گشت پیاوێك دڵی بۆی بچێ لە کاتی جووڵە سەیرەکانی.

(زلاَتا)خانی (٢٤) ساڵ، بە چەندین نمایشی سەیر، دەتوانێ جەستەی بە سەیرترین شێواز بچەمێنێتەوە و کاری وابکات کە جێگەی سەیری سەمەرەیی بێ، وەکو دەبینن لە چەندین وێنەدا سەیرترین جووڵە ئەنجام دەدات.



# جمکێک هەر یەکە رەنگێکە

کارە سەیرەکان لەچەندین رێگەدا دەردەکەون، هەر یەکە لە جوانی و دیمەنێکی سەیرەوە دێتە بەرچاومان، سەیرترین شت ئەوەیە لە دەرکەوتنی شتێکە کە لە شێوەی رەچەڵەکی خۆی لابدات، وەکو ئەوەی یەکێك بۆ دارتاشی بخوێنێ و کەچی لە داهاتوودا ببێتە ئاسنگەر! وادیارە ئەو جمکە منداڵەش نیازیان وایە خۆیان جیاواز بکەن لە گشت خەڵکێك و دوای لە دایك بوونیان هەر یەکە لە رەنگێکی پێستی مرۆڤ دەرکەوتووە، لە وڵاتی بریتانیا ئافرەتێك بە ناوی (شێرلی هێدلز)ی تەمەن (٢١) ساڵ، دوای ئەوەی منداڵی دەبێ، کوڕ و کچێکی دەبێ، رەنگی کوڕەکە رەش پێستەکانە وەك دایکی و رەنگی کچەکەش سپی پێستە، ئەمەش دەبێتە سەیرترین حاڵەتەکانی جمك کە هەر یەکە رەنگێك بێ.

# سەمای سەمبای لە کوردستان




دیمەنێکی جوانی خانمێك کە سەمای سامبای بەرازیل لە کوردستان ئەنجام دەدات، ئەمەش لە فیستڤاڵی کەلتووری گەلان کە لە کوردستان بەرێوە چو بینرا!




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەشێوەیەك کە چاوەڕوانت نەدەکرد سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست دەهێنیت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە خۆشییەکی بێوێنە بکەیت، ئەمەش یارمەتیت دەدات کە زیاتر گەشبین بیت لە داهاتوودا.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

چەند زانیارییەکی نوێ دەزانیت و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر نهێنیت بۆ ئاشکرا بێت کە پێشتر پێتوابوو بەئاسانی ناتوانی پێیان بگەی. کەسی بەرامبەر هێشتا تۆی خۆشدەوێت و چاوەڕوانت دەکات.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

سەرنج و روانینت سەبارەت بە زۆر بواری گرنگی ژیان گۆرانکاری بەسەردا دێت، هەست دەکەی لەناکاو گۆڕانکاری گەورە لە ژیانت روودەدات، نیگەرانْ مەبە و دڵنیابە ئەمە لەبەرژەوەندی خۆت دایە.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئێستا پێوەندیت لەگەڵ نزیکترین کەست وەك جاران بەهێز نییە و یەکترتان زۆر خۆشناوێت، لەداهاتوودا هەست دەکەن هەڵەتان کردووە و خۆزگە دەخوازن بە رۆژە خۆشەکانی پێوەندی نێوانتان.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

لەوانەیە ئەم هەفتەیە زۆر خۆش نەبێت بەبەراورد کردن لەگەڵ هەفتەکانی تر، ئەمەش بەهۆی چەند گرفتێکی بچووکەوە، هەرچەندە چارەسەرکردنیان ئاسانە و دەتوانی بە ئاسانی ئەو گرفتانە چارەسەر بکەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

نابێت گشت نهێنیەکانت باس بکەیت تەنانەت بۆ نزیکترین کەست، لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە لەبەر ئەوەی مەرج نییە ئەو کەسەی خۆی بە هاوڕێیەکی نزیك پیشان دەدات بەڕاستی تۆی خۆشبوێت.

**ئامادەکردنی:داریۆ**

# تەکسی مرۆڤ

وادیارە لە دنیای گواستنەوەی خەڵك، شێوەیەکی دیکە پەیدا بووە لەجیاتی تەکسی، ئەویش کە ئوتۆمبێل نییە و ئەمجارەیان مرۆڤەکان خۆیان دەکەن بە ئوتۆمبێل، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە پیاوێکی زلهێز، لەسەر سینگی نووسیویەتی تەکسی و دوو کەسی لەسەر پشتی هەڵگرتووە، ئەو دوو کەسەش وادیارە خۆشەویستی یەکترن ماچی یەکتر دەکەن..







# باسی ریاڵ و بەرشە مەکەن

لەزۆر شوێن لە مارکێت و شوێنە گشتییەکاندا دەبینین نووسراوە (باسی سیاسەت مەکە، یان باسی قەرز مەکە)، کەچی وادیارە ئێستا تابلۆیەکی دیکەش پەیدا بووە ئەویش بۆ ئەوەی ئاژاوە و ناخۆشی پەیدا نەبێ لە بواری وەرزشی، کە دەنووسرێ (تکایە باسی ریال و بەرشلۆنە) مەکەن، ئەو دوو یانە بەهێزەش هاتنە ریزی سیاسەت و ئابووری و قەرز.

## نوکتە


کچێک بەدایکی دەڵێ: دایە، ئەو ملوانکەیەی ملت باوکم بۆی کڕیت؟ ئەویش دەڵێ نەوەڵا کچم، ئەو دراوسێیەمان بۆی کڕیم.
کچەکەی دەڵێ: ئەرێ ئەوە چییە دایە، هەرچییەک دەڵێم یەکسەر دەڵێی ئەو دراوسێیەمان بۆی کڕیم و بۆی کردم؟ ئەویش دەڵێ: ئێ چی بکەم کچم، ئەگەر بەتەمای باوکت بومایە، تۆشم نەدەبوو.

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە









## ئاســـۆیی:

١-چیایەكـــی كوردســـتانە- چیایەكـــی كوردستانە.
٢- كوك(ت)- خۆم (پ)- كێو.
٣- چـــۆن- چیایەكی كوردســـتانە- بەدەم دەكرێت(پ).
٤- دوو پیتی فورات- مانگێكی كوردییە- دووپیتی كۆد.
٥- نیوەی وەرە- وەستای كاشی (پ)نیوەی مبید.
٦- رەشول(ت)- دوانە(ت).
٧-وەكو یەك- قژ- ئازا(پ).
٨- رەنگێكە- قەڵایەكە- خوار.
٩- ئەوجـــا(پ)- شـــارۆچكەیەكی كوردستانە(پ) سەگ.
١٠- شارێكی كوردستانە.
١١- یاریزانێكی بەرشلۆنەیە(پ)- دووپیتی مێك- ئامێرێكی كارەبایە.
١٢- چیایەكی كوردستانە(پ)- چیایەكی كوردستانە.

## ســـتوونی:


١- هونەرمەندێكی كوردە.
٢- هاوینەهەوارێكـــی كوردســـتانە(پ)- پیتێكی Eیە.
٣- وەكویـــەك- رۆمانێكـــە- پایتەختـــی وڵاتێكی ئەوروپایە.
٤- بەفربارینی زۆر- پەلە.
٥- كۆرپە- درەخت.
٦- چوارپیتی ستێشن- وەكویەك.
٧- عەیـــب(پ)- چیایەكـــی كوردستانە(پ).
٨- یاریەكـــی كوردەواریـــە(پ)- نەگبەت(پ).
٩- موشەك(پ)- روبارێكی كوردستانە.
١٠- دووپیتی خاچ- رووبارێكی ئەفریقییە- هێز.
١١- ئەكتەرێكی كوردە (پ)- پیتێكی E یە.
١٢- یاریزانێكی یانەی هەولێرە.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

دەبێت خۆت بپارێزی لەتوڕەبوون، ئەم ماوەیە هەست بە ماندووبوون دەكەیت و زۆر شت دێنە سەر ڕێگات كە پێویستە بە ئارامی سەرنجیان بدەیت، لەوانەیە لەگەڵ هاوڕێكانت گەشتێك ئەنجام بدەن.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دوای چاوەڕوانییەكی زۆر ئەم هەفتەیە دەرگای بەختت دەكرێتەوە و هەواڵێكی خۆشت پێدەگات سەبارەت بەو لایەنەی ماوەیەكی زۆرە چاوەڕوانی دەكەی، لەو كارە نوێیەدا سەركەوتوو دەبیت و داهاتوویەكی باشی هەیە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

داوای لێبوردن لەو كەسە بكە كە دڵت شكاندووە، هەرچەندە ئەو زۆر تۆی خۆشدەویست، بەڵام بەهۆی لەیەك تێنەگەیشتنێكی بچووك پێوەندی نێوانتان كۆتایی پێهات و ئێستا كاتی ئاشتبوونەوەیە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بێ هیوا مەبە كاتێك هەندێ شت دەبینیت بەپێچەوانەی خواست و ئارەزووەكانی تۆن، ڕۆژێك دێت دەبیتە خاوەنی ئەو شتانەی خەونی پێوە دەبینی، گرنگ ئەوەیە بەردەوام بیت لەهەوڵدان و ڕەشبین نەبیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

سەركەوتنێكی گرنگ بەدەست دەهێنیت، یان كارێكی گرنگ ئەنجام دەدەیت ودەبیتە جێگەی سەرنج و دەستخۆشیت لێدەكرێت. ئەمەش هۆكارێك دەبێت بۆ بەردەوامی و بەدەستهێنانی دەستكەوتی زیاتر.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠


ڕاستە ماوەیەكی زۆرە چاوت بە خۆشەویستەكەت نەكەوتووە و بیری دەكەیت، ئەویش بە هەمان شێوە بیرت دەكات، ئەودوورییە زۆر ناخایەنێت و لەوانەیە لەكاتێكی نزیكدا یەكتر ببینن.

hemntoni@yahoo.com

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (كۆڕێ) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..



ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**



- پیتی خانەكانی (١+٢) كۆ بكەیتەوە بە مانای (یەكێك شت و مەكی خەڵك ببات بێ ئەوەی خاوەنەكەی ئاگادار بێ)
- پیتی خانەكانی (١+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (كۆكراوەی ٥ كۆ ٥ )
- پیتی خانەكانی (٢+٤) كۆبكەیتەوە بە مانای (ڕۆیشتنی ئاو، بەڵام لە ڕووبار بچووكترە)
- پیتی خانەكانی (١+٣+٢+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (كەرەستەیەكە بۆ دورینی جلوبەرگ بەكاردێ)!